**چاوپیکەوتنی بلاوکراوەی ئۆکتۆبەر لە گەڵ ڕێبوار ئەحمەد سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی سەبارەت بە:**

## کەمپینی دژ بە بەندی 7ی ڕەشنوسی دەستوری هەریمی کوردستان.

**ئۆکتۆبەر: سەبارەت بەکەمپینی دژ بە بەندی 7ی ڕەشنوسی دەستوری کوردستان. رەئی ئیوە چیە؟ بەتایبەت کە ئیوە لەمبارەوە لە زنجیرە وتاریکدا سەرەتاپای پرۆسێسیکی سیاسیو گشتی دەستورەکە ڕەتدەکەنەوە؟!**

ریبوار ئەحمەد/ لە پیشدا ئەوە بلیم کە هەر بەوجۆرەی کە لە هەلویستی رەسمی حیزبدا راگەیەنراوە، سەرتاپای ئەو رەشنوسی دەستورە جیگای رەخنەی هەمەلایەنەی ئیمەیە، ئەو دەستورە بە هەموو بەندەکانیەوە دەستوری بیٚمافیو هەلاواردنو ئیلحاقەو قابیلی چاك کردنیە. باوەری ئیمە وایە کە نە تەنیا ئەو دەستورە دەبی لەلایەن جەماوەری ئازادیخوازی کوردستانەوە رەتبکریتەوە، بەلکو دەبی گشت ئەوپرۆسەیەی کە بۆ داسەپاندنی ئەو دەستورە بەریخراوە ناکام بکریتەوە. بەم مانایە رەخنەی ئیمەو سیاسەتی حیزب لەسەر دەستور زۆر فراوانترە لەوەی کە تەنها بەندی 7ی ئەو رەشنوسە رەتبکریتەوە.

بەلام لە هەمان کاتدا بە بروای من خودی ئەوەی کە کۆمەلیك هەلسوراو هەستاون بە سازدانی کەمپینیك دژی زالکردنی فەزای کۆنەپەرستانەی ئیسلامیو ئیسلامیزەکردنی کۆمەلگای کوردستان، کاری باشەو دەبی لەلایەن خەلکی ئازادیخوازو هەموو هیزیکی کۆمۆنیستو چەپو پیشکەوتنخوازەوە پشتیوانی بکریت.

لە هەمانکاتدا حیزبی ئیمە سەرباری رەخنەی هەمەلایەنەی لەو دەستورە، دەبی لە هەر کەمپینو هەولو کۆشیشیك پشتیوانی بکات کە لە روانگەیەکی ئازادیخوازانەوە دژ بە بەشیکی ئەم رەشنوسە بەریخراوە. کەمپینی رەتکردنەوەی بەندی 7 بەشیکە لە رەخنەیەکی هەمەلایەنە تر کە ئیمە لە دەستور هەمانە. بەسەرکەوتن گەیشتنی ئەو کەمپینە کۆمەك دەکات بە سەرکەوتنو چونەپیشی زیاتری رەخنەی هەمەلایەنی ئیمە لە دەستور. ئیمە نەك هەر لەم مەیداندا بەلکو لە هەموو مەیدانیکدا لەگەل ئەوەی کە دەبی پلاتفۆرمی هەمەلایەنەمان هەبیت بۆ وەلامدانەوە بە کیشەو مەسەلەکانی کۆمەلگا، لە هەمانکاتیشدا دەبی پشتیوانی لەو خواستو حەرەکاتو هەولو کۆششانە بکەین کە لەگەل بەشیك یان بەندیك لە پلاتفۆرمو بەدیلەکانی ئیمەدا یەکدەگریتەوە.

لەسەر ئەم بناغەیە ئیمە دەبی پشتیوانی لەو کەمپینە بکەینو بۆ بەهیزکردنو بە سەرکەوتنگەیاندنی هەولبدەین.

**ئۆکتۆبەر: لەبەرانبەر ئەم کەمپینەدا، کەمپینیکی ئیسلامیەکان بەڕیکەوتوە لەپیناو مانەوەی ئەم بەندەز یاتر زالکردنی ئیسلامو شەریعەت بەسەر ئەم دەستورەدا لەمبارەوە ئیوە چی دەلین؟**

ریبوار ئەحمەد/ وەکو پیشتر ووتم سیاسەتی ئیمە تعدیلو چاکسازی ئەم دەستورە نیە تا لە چوارچیوەی کیشە لەسەر لابردن یان مانەوەی بەندی 7دا قەتیس بیت، بەلام خودی ئەم کەمپینەی ئیسلامیەکان هەولیکە بۆ زالکردنو توندکردنەوەی فەزای ئیسلامیو کۆنەپەرستانە بەسەر کۆمەلگای کوردستاندا. لەم بارەیەوە دەیانەوێ لەو دەستورە کۆنەپەرستانەیەش کەلك وەرگرن. بەبروای من ئەم کەمپینەی باندو تاقمە ئیسلامیە تیرۆریستەکان لەو بەندەو بەم مانایەش لە دەقی ئیستای دەستور، خۆی ئاشکراترین بەلگەی نەشیاویو نەگونجاوی ئەو دەستورەو بە تایبەتیش بەندی 7 لەگەل خواستو ویستو مافو ئازادیەکانی خەلکی کوردستاندا.

جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان دەبی ئەم مەسەلەیەو ئەم کیشمەکیشە زۆر بە جدی بگرنو چالاکانە دەخالەتی تیا بکەن. دەبی بۆ ناکام کردنەوەی گشت ئەو پرۆسەیەی بۆ داسەپاندنی ئەم دەستورە بەریکەوتوە تیبکۆشنو ریگانەدەن بە ئەنجام بگات. بە تایبەتیش جیگای خۆیەتی هەولو خەباتیکی زۆر تایبەتیو هەمەلایەنەو فراوان بۆ ریسواکردنی بەندی 7 بەریبکەویت. لە بەرامبەر هیستریاو هەراوهوریای ئیسلامیەکان لە دژی کەمپینی لابردنی بەندی 7، خەبات لە دژی ئەو بەندە فراوانتر بکریتەوە لەو کەمپینە پشتیوانی بکریت.